# ڕوخساری شیعرم




لە ڕوخساری شیعرەکانم ڕامەمێنن

شیعرەکانم، وەك کیژێکی لادێی وان

دڵ ناسکن .. هەست بزوێنن

لە کاتی دیدەنی ئێوە

تەنانەت لە وەختی ژوان

بسکو پەرچەم داناهێنن ،

قەت حەز بە ئارایشت ناکەن

سروشتی خۆیان ناشێوێنن

بەڵام لە هەموو ژوانێکدا

چارۆکەیان پڕ پڕە لە گوڵی سور و

بۆ بەر یەخەی ئێوەی دێنن ،

پێچەوانەی کیژی شارن

لە تەنیایی زۆر بێزارن

بۆیا کاتێك دەیان بینن

بێ هێز و نائومێد دیارن

دڵنیابن شیعرەکانم

هەزار هیندە نائومێدبن

ژیانیان لێ بکەن بە دەرد

قەت مەترسن

ڕەنگی سوریان کاڵ نابنەوە و نابن بە زەرد .


باکۆ جەلال

تورکیا 4/ 12/ 2009

bako.jalal@yahoo.com